# سەندیکای بایۆلۆجیانی کوردستان

## بەشی یەکەم: پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق

دووەم: سەندیکا: سەندیکای بایۆلۆجیانی کوردستان (Kurdistan Biologists Syndicate)

سێیەم: ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

چوارەم: دەستەی کارگێڕی: دەستەی کارگێڕی سەندیکا.

پێنجەم: لقەکانی سەندیکا.

## بەشی دووەم: دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: ڕێکخراوێکی پیشەیی و زانستی یە، کەسایەتی مەعنەوی و دارایی و کارگێڕی سەربەخۆی هەیە، بە ئەندام بوون تیایدا ئارەزوومەندانەیە، بە شێوەیەکی گشتی تایبەتە بەو کەسانەی لە بواری تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و یان لە هەر دام و دەزگایەکی تر، کە کۆنگرە دیاری دەکات، کاردەکەن.

دووەم: بارەگای گشتی سەندیکا لە هەولێر دەبێت و بۆی هەیە لەناوەندی پاریزگاکانی دیکەی هەرێم و ناوەندی پارێزگای کەرکوك بارەگا بکاتەوە.

**ماددەی سێەم: ئامانجەکان**

سەندیکا کار دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١- پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داکۆکی کردن لە ئازادیە دیموکراتیەکان و ئاشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ.

٢- بوژاندنەوەی کەرتی پەروەردە و تەندروستی و خوێندنی باڵا و پیشەسازی و کشتوکاڵ و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پسپۆریەکان بۆ ڕەخساندنی بوار بۆ ئەندامانی سەندیکا بۆ بەشداری کردنیان لە خولە زانستیەکان و دابین کردنی کورسی خوێندنی باڵا لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ئەندامان.

٤- بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو یەکێتی و سەندیکا و کۆمەڵانەی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجی سەندیکاکەمان دەگونجێت.
٥- ڕێکخستن و هەموار کردنەوەی یاساکانی کاری پیشەی و چاودێری جێ بەجێ کردنیان.
٦- دەستەبەر کردنی دەسکەوتی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەندامانی سەندیکا.
٧- دەرکردنی گۆڤار و هەر بڵاوکراوەیەکی زانستی تایبەت بە سەندیکا.
٨- کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ گشت وەزارەتە پەیوەندارەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی جۆری و پێوانەیی.
٩- پاراستنی ژینگە.

## بەشی سێیەم: ئەندامێتی

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: مەرجەکانی بە ئەندام بوون

١- دەبێت هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت یان تێیدا نیشتەجێ بێت و یان لە ناوچە دابڕێنراوەکان یان تێیدا نیشتەجێ بێ.
٢- بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی تیرۆر یان هەر تاوانێکی ئابرووبەرەوە حوکم نەدرابێت.
٣- هەڵگری لانی کەم بڕوانامەی بکالوریوس لەیەکێك لەم بوارانەدا بێت:-
 أ- بایۆلۆجی یان مایکرۆبایۆلۆجی.
 ب- بایۆتەکنۆلۆجی.
 ج- شیکاری نەخۆشیەکان.
 د- ژینگە.
٤- پڕکردنەوەی فۆرمی ئەندامیەتی و پەیوەست بوون بە هاوبەشی ئەندام بوون.
٥- بەپێی ڕیکارەکانی وەرگرتنی ئەندامێتی کە لەپەیڕەوی ناوخۆی سەندیکادا دیاری دەکرێن، دەبێتە ئەندام.
٦- ئەرك و مافەکانی ئەندام لە پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکادا دیاری دەکرێن.

**دووەم: لەدەستدانی ئەندامێتی**

١- لەسەر داوای خۆی بە نووسراوێکی فەرمی.
٢- لەدەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی بە ئەندام بوون.
٣- بەردەوام بوون لەسەر سەرپێچی و پێشێل کردنی بڕیارەکانی سەندیکا بە مەرجێك پێشتر بە نووسراوی فەرمی ئاگادار کرابێتەوە.

٤- لە کاتی بوونی ساختەکاری و سەرپێچی یاسایی و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا بە بڕیاری (٢/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەن.

## بەشی چوارەم: پێکهاتەی سەندیکا

**ماددەی پێنجەم: پێکهاتەی سەندیکا بریتیە لە**

١- کۆنگرە.

٢- ئەنجومەنی سەندیکا.

٣- دەستەی کارگێڕی.

٤- لقەکان.

**ماددەی شەشەم: کۆنگرە**

یەکەم: بەرزترین دەسەڵاتی سەندیکایە، لە کاتی ئاسایی دا (چوار) ساڵ جارێك دەبەسترێت.

دووەم: ئەندامانی کۆنگرە پێك دێت لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و ستافی لقەکانی سەندیکا لەگەڵ هەڵبژێردراوانی کۆنفرانسە ناوچەییەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە مەرجێك کۆی ئەندامانی کۆنگرە لە (١٠٠) کەس تێپەڕ نەکات.

سێەم: دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:

١. ئامادەکردن و پێشنیاز کردنی هەمواری یاسای سەندیکا.

٢. دانان و هەموارکردنی پەیرەوی ناوخۆی سەندیکا لە چوارچێوەی یاسای سەندیکادا.

٣. هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی.

چوارەم: بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانس کۆنفرانس پێویستی بە تەواو کردنی ڕێژەی یاسایی (٪٥٠ + ١) هەیە وە ئەگەر تەواو نەبوو بۆ (١٥) ڕۆژ دوا دەخرێت و لە کاتی دیاری کراوی دووەم دا ئەگەر ڕێژەکە هەر چەند بێت کۆنفراس دەبەسترێت.

پێنجەم: بۆ ئەنجام دانی کۆنگرە هەمان مەرجەکانی خاڵی (چوارەم) ڕەچاو دەکرێت.

شەشەم: ئەگەر کۆنگرە لە وادەی خۆی نەبەسترێت لە دوای کۆنفرانس بە پاساوی گونجاو ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاری دواخستنی دەدات بە مەرجێك لە (٢) دوو مانگ تێپەڕ نەکات بۆ هەر جارێك.

حەوتەم: دەکرێ کۆنگرە لەم بارە نائاساییانەی خوارەوە ببەسترێت بە بڕیاری (٢/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەن یان بە داواکاری فەرمی بەڕێژەی زیاتر لە (نیوە)ی ئەندامانی گشتی سەندیکا.

هەشتەم: هەموو بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بە ڕەزامەندی زیاتر لە (٥٠٪ +١)ی ئەندامانی ئامادەبووی کۆنگرە پەسەند دەکرێت.

- نۆیەم: نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن تەنها بۆیان هەیە دوو خول خۆیان بپاڵێون.

**ماددەی حەوتەم: ئەنجومەنی سەندیکا**

یەکەم: بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا پێك دێت لە:-

١) نەقیبی سەندیکا لە ڕێگای هەڵبژاردن لە کۆنگرە دەبێت بە مەرجێك خزمەتی پیشەیی یان سەندیکایی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢) ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لە (٨) ئەندام و دوو یەدەگ کە لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن بە مەرجێك خزمەتی پیشەیی یان سەندیکاییان لە (٧) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣) سەرۆکی لقەکان کە لەلایەن کۆنفرانسی لقەکانەوە هەڵدەبژێردرێن بە هەمان سیفەتی مەرجەکانی ئەندامی ئەنجومەن.

دووەم: دەسەڵاتەکانی بریتین لە:

١- مافی پەسندکردن و گۆڕین و ڕەتکردنەوەی پرۆژە و بڕیارەکانی لقەکانی سەندیکای هەیە.

٢- لە کۆبوونەوەکاندا ڕاپۆرتی دەستەی کارگێڕی و لقەکان هەڵدەسەنگێنێت.

٣- لە کاتی ئاسایی دا هەر دوو مانگ جارێك کۆبوونەوە ئەنجام دەدات.

٤- دەسەڵاتی شاند کردنی ئەندامانی دەبێت بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی ڕێکخراوەییەکان و بۆنەکان لە ناوەخۆ و دەرەوەی هەرێم بە مەبەستی پتەو کردنی پەیوەندیەکان.

٥- دەسەڵاتی خەملاندن و پەسەند کردنی بودجەی ساڵانەی سەندیکای هەیە.

٦- دەسەڵاتی داهات و خەرجکردنی دەبێت بە پێ ی یاسا و ڕێنمایی دارایی.

٧- دەسەڵاتی کردنەوەی لقی هەیە بە ڕەچاو کردنی ژمارەی ئەندامان و بوونی ئیدارەی سەربەخۆ.

٨- هەر کاتێك پێویست بکات مافی گۆڕینی هەر یەك لە پۆستەکانی (خاڵی یەکەم و دووەم) لە بەشی یەکەمی مادەی حەفتەم بە ڕێژەی (٢\٣) ی ئەندامانی ئەنجومەن.

**ماددەی هەشتەم: دستەی کارگێڕی**

یەکەم : دەستەی کارگێڕی بریتیە لە ئەندامانی ئەنجومەن کە لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن جگە لە سەرۆکی لقەکان.

دووەم: دەسەڵاتەکانی ریتین لە:

١- دەستەی کارگێڕی بەرنامەی کاری بڕیاردراوی ئەنجومەن ئاراستە دەکات و جێ بەجێ ی دەکات.

٢- بەرپرسیارە لە جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن لە نێوان دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەن.
٣- هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت و کار و چالاکی لقەکان و دەرکردنی ڕێنمایی دارایی بۆیان.
٤- دەستەی کارگێڕی بەلایەنی کەم لە کاتی ئاساییدا هەرمانگ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
٥- لە کۆبوونەوەی یەکەم دوای کۆنگرە بە ( ٢/٣ ) ی دەنگی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، جێگری نەقیب و بەرپرسی دارایی و کارگێڕی و ڕاگەیاندن و ئامار و لیژنەی ڕێککاری و بەرپرسی پەیوەندیەکان لەنێوان ئەندامەکانیدا دیاری دەکات.
٦- هەر کاتێك کە پێویست بکات مافی گۆڕینی هەر یەك لە پۆستەکانی خاڵی (٥)ی هەیە بە هەمان ڕێژەی ( ٢/٣ ) ی ئەندامان.
٧- دەستەی کارگێڕی دەسەڵاتی دامەزراندن بە گرێبەست بۆ کارمەندانی ناو بارەگای گشتی هەیە.
٨- دەستەی کارگێڕی بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەن دەسەڵاتی دیاری کردنی کاتی ئەنجامدانی کۆنفرانس و کۆنگرەی هەیە بە پێ ی بڕیارێکی پێش وەخت.
٩- گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لە وازهێنانی نەقیبی سەندیکا یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یان لیژنەکانی سەندیکا بە مەرجێك لە یەك کۆبوونەوە بخرێتە بەردەم دەستەی کارگێڕی.
١٠- ئەگەر شوێنی نەقیبی سەندیکا بەتاڵ بوو، جێگری شوێنی دەگرێتەوە، وە ئەگەر جێگریش بەتاڵ بوو ئەوا ئەندامێکی بنەڕەتی دەستەی کارگێڕی شوێنی دەگرێتەوە.
١١- هەموار کردنەوە و پێداچوونەوەی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە مۆڵەتی پیشەیی لە دەسەڵاتی دەستەی کارگێڕی بە هەماهەنگی لەگەڵ لقەکان.
١٢- بڕیاردان لە کۆبوونەوەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان بە ڕێژەی (٥٠٪ + ١) دەبێت، لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان بەو لایەنەدا دەبێت کە نەقیبی لەگەڵدایە.
١٣- دەسەڵاتی کردنەوەی نووسینگە و نوێنەرایەتی هەیە لە شارۆچکە و شاردێ یەکان بە پێ ی ڕێنماییەکان دەستەی کارگێڕی و بە هەمەهەنگی لەگەڵ لقەکان.
١٤- دەسەڵاتی دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەی سەندیکای هەیە.

**ماددەی نۆیەم: دەسەڵاتەکانی نەقیب**

١- سەرۆکایەتی کردنی سەرجەم کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و دەستەی کارگێڕی.
٢- واژووی هەموو نووسراوێکی دەرچوو وە نووسینی تێبینی لەسەر هەموو ئەو نووسراوانەی کە هاتوون.

٣- واژووکردنی چەکی پارە کە وەردەگیرێ لە بانکەکان لەگەڵ لیژنەی تایبەت وە واژوو کردنی خشتەی خەرجیەکانی مانگانە.

٤- نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لە گشت دام و دەزگاکانی حکومی و ناحکومی یاخود یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن ڕادەسپێرێت بۆ هەمان مەبەست.

٥- لە کاتی پێویستدا بانگەوازی ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا و دەستەی کارگێڕی دەکات بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی.

**ماددەی دەیەم: جێگری نەقیب**

١- یارمەتی نەقیبی سەندیکا دەدات لە و کارانەی کە پێ ی دەسپێردرێت.

٢- هەموو ئەرکەکانی نەقیب لە ئەستۆ دەگرێ لە کاتی ( مۆڵەت، نەخۆشی، سەفەر)ی نەقیب.

٣- لە کاتی دەستلەکار کێشانەوە یان لابردن یان مردنی نەقیب ئەوا جێگرەکەی هەموو ئەرکەکانی نەقیب لە ئەستۆ دەگرێت بۆ ماوەیەك کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکات دوای ئەوە پێویستە هەڵبژاردن بکرێت بۆ دەست نیشان کردنی نەقیبێکی تر لە ناو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی.

**ماددەی یازدەهەم: لقەکانی سەندیکا**

یەکەم: لانی کەم لەسەنتەری پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆك و هەڵەبجە)دا لقی سەندیکا دەبێت.

**دووەم:**

١- دەستەی لق پێك دێت لە ٥ ئەندام و ٢ یەدەگ وە لە کاتی زیاد بوونی ئەندام، لەسەر ڕاسپاردەی لق دەکرێت بە ٧ ئەندام و ٢ یەدەگ بە ڕەزامەندی دەستەی کارگێڕی.

٢- دەستەی لق ڕاستەوخۆ دوای کۆنگرە بەسەرپەرشتی دەستەی کارگێڕی لە نێوان ئەندامانی کۆنگرە لە سنووری پارێزگایەکەیان هەڵدەبژێردرێت بە هەمان ڕێکاری هەڵبژاردنی نەقیب و دەستەی کارگێڕی.

٣- دەسەڵاتی کردنەوەی نووسینگە و نوێنەرایەتی هەیە لە سنوری لقەکەی خۆی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی کارگێڕی.

٤- دەستەی لق لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بەرپرسی بەشەکان دیاری دەکات.

**سێیەم: دەسەڵات و ئەرکەکانی لق**

١- نوێنەرایەتی سەندیکا دەکەن لە سنووری لقەکانیان.

٢- جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن و دەستەی کارگێڕی سەندیکا.

٣- ئەنجامدانی چالاکی و سیمینار لە سنوری چالاکی لقەکانیان بە پێ ی ڕێنماییەکان.
٤- بەرگری کردن لە مافی ئەندامانی سەندیکا لە سنوری لقەکان.
٥- جێ بەجێ کردنی مامەڵەی کردنەوەی تاقیگە و نوێ کردنەوە و پێدانی مۆڵەت و سەرجەم کارە پیشەییەکان لە سنوری لقەکانیان بە پێ ی ڕێنمایی سەندیکا وە بەرزکردنەوەیان بۆ دەستەی کارگێڕی.
٦- ڕێکخستنی کاری خەرجی تێچووی مانگانە بۆ بەڕێوەبردنی لقەکانیان بەپێ ی ڕێنمایەکانی سەندیکا.
٧- پێشکەش کردنی پرۆژە و پێشنیارەکان لە لقەوە بۆ دەستەی کارگێڕی بە مەبەستی بڕیار وەرگرتن لە سەریان.
٨- دامەزراندنی کارمەندانی لق بە گرێبەست و دانانی مووچە بۆیان لە سەر بودجەی خۆیان.
٩- ڕێکخستنی ئاماری ساڵانە و تازەکردنەوەی ئەندامیەتی ئەندامانی سەندیکا و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجومەنی سەندیکا.
١٠. دەستەی لق مانگانە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدات.
١١. لە کاتی دەستلەکار کێشانەوە یان لابردن یان مردنی سەرۆکی لق ئەوا جێگرەکەی هەموو ئەرکەکانی سەرۆکی لق لە ئەستۆ دەگرێت بۆ ماوەیەك کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکات دوای ئەوە پێویستە هەڵبژاردن بکرێت بۆ دەست نیشان کردنی سەرۆکێکی تر بۆ لق لە ناو ئەندامانی ستافی لقەکەیان.

**ماددەی دوازدەهەم: لیژنەی ڕێککاری**

یەکەم: لیژنەی ڕێککاری پێك دێت لە سەرۆك و دوو ئەندام کە ئەندام بن لە دەستەی کارگێڕی.
دووەم: دەستەی کارگێڕی لە کۆبوونەوەی یەکەمدا سەرۆك و ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەستنیشان دەکات.
سێیەم: ئەرکی ئەم لیژنەیە بریتیە لە:-

١) بە دواداچون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو سەرپێچیانەی کە دژ بە دەقی ئەم پەیڕەوە دەکرێت.
٢) بە دواداچون و لێکۆڵینەوە لە کێشە و سکاڵاکان کە لە لایەن لقەکان و هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەندیکا لە ڕێگای نەقیبەوە ئاراستەی دەکرێت.
٣) دەسەڵاتی ڕاسپاردن و بەرزکردنەوەی ئەم سزایانەی لای خوارەوەی هەیە بۆ ئەنجومەنی سەندیکا بە شێوەی کۆنووس بە مەبەستی پەسەند کردن:

أ- سەرنج ڕاکێشان.
ب- ئاگادار کردنەوە.
ج- داخستنی تاقیگە بە شێوەیەکی کاتی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار لە سنوری لقەکان.

د-  پێبژاردن بە پێ ی ڕێنمایە داراییەکانی ئەنجومەنی سەندیکا.

٤) دەسەڵاتی ڕاسپاردن و بەرزکردنەوەی ئەم سزایانەی لای خوارەوەی هەیە بۆ ئەنجومەنی سەندیکا بە شێوەی کۆنووس بە مەبەستی تاوتوێ کردن و بڕیاردان:-

أ-  هەڵپەساردن.

ب- سڕکردن.

ج- دەرکردنی کاتی.

د-  لێ سەندنەوەی ئەندامیەتی.

ه- لێ سەندنەوەی ئەندامیەتی ئەنجومەن بە ڕێژەی (٢/٣) ی ئامادە بووان.

و-  داخستنی تافیگە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار لە سنوری لقەکان.

چوارەم: پەیڕەوی بڕگە و بنەماکانی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەرکار دەکات لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیاندا.

پێنجەم: بڕیارەکانی لیژنەی ڕێککاری و ئەنجومەنی سەندیکا تانە دەکرێت لە دادگا لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیارەکە و ئاگادار کردنەوەی سزادراوەکە.

## بەشی پێنجەم: دارایی سەندیکا و دەستدانە پیشە

**ماددەی سێزدەهەم: -سەرچاوەکانی دارایی سەندیکا بریتین لەمانەی خوارەوە**

یەکەم: ڕەسمی ئەندامانی سەندیکا

١) ڕەسمی بە ئەندام بوون.

٢) هاوبەشی ساڵانە.

٣) ڕەسمی ناسنامە.

دووەم: ڕەسمی دەرهێنان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی پیشەیی کە ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکات .

سێیەم: بەخشینەکانی حکومی (هەرێم و فیدرال) وە ناحکومی بە مەرجێك کار نەکاتە سەر ستراتیجیەت و بڕیارەکانی سەندیکا.

چوارەم: داهاتی پرۆژەکانی سەندیکا.

پێنجەم: داهاتی چاپەمەنیەکانی سەندیکا.

شەشەم: ڕەسمەکانی تر کە ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاریان لەسەر دەدات.

**ماددەی چواردەهەم: دەست دانە پیشە**

١-  مۆڵەتی پێدانی دەست دانە پیشە و سەرجەم کارە پیشەییەکان تەنها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەندیکایە وە بە پێ ی ڕێنماییەکانی سەندیکا.

٢- ئەو کەسانەی نەهاتوونە نێو ڕیزی سەندیکا و وە ئەوانەی لە نێو ڕیزی سەندیکان بەڵام پابەند بوونەکانیان جێ بەجێ نەکردووە بە پێ ی ئەم یاسایە نابێت دەست بدەنە پیشەکە.

٣- هەموو دەرماڵەکانی کە سەندیکا دەستەبەری دەکات بۆ بایۆلۆجیەکان تەنها بە پشتگیری سەندیکا خەرج دەکرێت.

٤- ئەو بایۆلۆجیانەی کە لە دەزگا فەرمی و نیمچە فەرمی دادەمەزرێن پێویستە بە پشتگیری سەندیکا بێت.

٥- ئەو بایۆلۆجیانەی کە لە دەزگا نافەرمیەکان دادەمەزرێن پێویستە بە پشتگیری سەندیکا بێت.

٦- مۆڵەتی کردنەوەی کۆمپانیاکانی تایبەت بە هێنان و مامەڵەکردن بە ئامێر و کەل و پەلی تاقیگەیی بە پشتگیری سەندیکا دەبێت.

٧- مۆڵەتی کردنەوەی نوسینگە راوێژکاریەکانی تایبەت بە بواری بایۆلۆجی بە پشتگیری سەندیکا دەبێت.

٨- مۆڵەتی کردنەوەی کۆگا کردن و مامەڵە کردن بە خواردەمەنیەکانی بەروبوومی ئاژەڵی و قوتووبەندەکان بە پشتگیری سەندیکا دەبێت.

٩- لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەندیکایە بە پێ ی یاسا کە لە دادگاوە دەردەچێت سزای هەموو ئەو کەس و لایەنانە بدات کە کاری پیشەیی و سەندیکایی ئەنجام دەدەن لە جیاتی سەندیکای بایۆلۆجی وە رووبەڕووی دادگایان دەکاتەوە.

## بەشی شەشەم: حوکمەکانی کۆتایی

**ماددەی پازدەهەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی شازدەهەم:**

پێوویستە لەسەر لایەنی پەیوەندار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دانانیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە.